# " شەیتانەکانی شەیتان "

### شەیتان جوولەکەیە

هیتلێر لە خۆڕا ڕقی لە جوولەکە نەبوو. ئەوە ئێستا دوو هەزار ساڵی ڕەبەقە کە جوولەکە تاوانبار بە کوشتنی مەسیحن و سەرچاوە و هۆی هەموو ئێش و زامێکن. بڵێی مەسیحیش جوولەکە بووبێ؟ قەت. هیچ دڕدۆنگیەک لە سەر ئەو ڕاستیە نیە. شەیتان لە کەنیسەکان بەکارە، جوولەکە هەر لە زووەوە سەرقاڵی بێحورمەتی کردن بە نانی فەتیر و شاردنەوەی ئاوی پیرۆز بوون. جوولەکە بەرپرسی قاتی و قڕی و تەنگانە و دۆڕاندنی شەڕکەرەکانن؛ هەر ئەوان بوون کە تیفووس و گوولی و زۆر نەخۆشی دیکەیان بۆ بە دیاری هێناین.

لە وڵاتی ئینگلیس، وێنەیەکی خەیاڵی، نزم و خوێنمژ و بەتەماح لە جوولەکە سازکرابوو. تا وەکوو لە ساڵی 1290 لەو وڵاتە ڕاوەدوویان نان، بەڵام تەنانەت ئەم دوورخستنەوەش نەبووە هۆی ئەوەی کە گەورە نووسەرانی وەک چاوسێر، مارلا و شێکسپییێر -کە تەنانەت تاقە جوولوکەیەکیشیان بە چاو نەدیبوو - لە شاکارە وێژەییەکانیان دا سووکایەتی بە جوولەکە نەکەن. ئەو بە لەعنەت بووانە کە تاوانبار بە خزمەتکردنی شەیتانن، بە درێژایی چەند سەدە لەم وڵات بۆ ئەم وڵات ڕاوەدوونران تا ئەوەی کە بڕیاری قڕکردنی یەکجاریان درا. فەرانسە، ئوتریش، سپانیا، پورتۆگال و زۆر لە ناوچەکانی سویس و ئیتالیا و ئاڵمان لاسای ئینگلیسیەکانیان کردەوە و جوولەکەکانیان ڕاوەدوونا. پاشاکانی کاتۆلیک، "ئیزابێل و فێردیناند"، جوولەکەیان بە بیانووی ئەوەی ڕەگەزیان لێ پیس دەکەن لە سپانیا دەرکرد. جوولەکە کە لە 13 سەدە لەوە پێشەوە لەوێ دەژیان، کاتی ڕۆیشتن کلیلی ماڵەکانیان لە گەڵ خۆیان برد. هەندێ لە نەوە و نەتیجەکانیان ئێستاش ئەو کلیلانەیان هەر پاراستوە، بەڵام قەت نەگەڕاونەوە. قڕکردنە سەرتاسەریەکەی کە هیتلێر پلانی بۆ داڕشتبوو، ترۆپکی مێژووی سووکایەتی پێکردن و خوێناوی جوولەکەکان بوو. ڕاوکردنی جوولەکە هەر لە کۆنەوە وەرزشێکی ئوروپایی بووە. ئێستاش فەلەستینیەکان کە قەت ئەو وەرزشەیان نەکردوە، تۆڵەی ئەو هەموو خۆێنەیان لێ دەستێندرێتەوە.

### شەیتان موسوڵمانە

دانتە دەیزانی محەممەد تیرۆریست بوە. هەر ئەویش بوو دۆزەخی بە باڵا بڕی و حوکمی هەتاهەتایی تووانەوەی جەستەی دەرکرد. لە کتێبی <u>دیواین کۆمێدی</u> دا دەڵێ: "محەممەدم بینی کە لە نێوەڕاستەوە ببوو بە دوو لەتەوە . . . ". ئەو کاتەی خێڵی موسوڵمانان، ببوونە مەترسی بۆ ئایینی خاچپەرەستەکان و تەنگیان پێ هەڵچنیبوون، پاپە خاچپەرەستەکان کردیانە دەنگۆ کە خێڵی موسوڵمانان لە گۆشت و ئێسقان ساز نەکراون، بەڵکو هێزێکی شەیتانین و هەرچی زیاتر لێیان بکوژرێ، ژمارەیان لە زۆری دەدا. لە سەردەمی ئێمەش دا کەرەسەی شەڕ زۆر زیاتر لەوەی کە دوژمن بفەوتێنن، دوژمن دەخوڵقێنن. بەڵام پرسیار ئەوەیە، ئەگەر ترس و دوژمنێک لە گۆڕێ دا نەبوایەن، ئاخۆ دەسەڵاتی خوا چی لێ دەهات؟ لە سەردەمی ئێمە دا ترس دەسەڵاتداری گشتیە و خوڵقێنەری شەڕ. تاقیکردنەوەکان سەلماندوویانە کە ترسی دۆزەخ، لە مزگێنی بەهەشتی خوا کاریگەرترە.
کەوابوو پێوەدەمی دوژمنەکانمان پیرۆز بێ!

لە سەردەمی ڕێنێسانس دا هەر کاتێک پلە و پایە و کورسی دەسەڵاتداران بە هۆی ناڵێهاتوویی ئەوان و تووڕەیی خەڵکەوە دەکەوتە مەترسیەوە، دەسەڵاتدارانی خاچپەرەست مەترسی هێرشی ئیسلامیان زەق دەکردەوە و ترسیان دەخۆڵقاند و شەڕێکی نوێی خاچپەرەستیان ساز دەکرد و ئاکامەکەشی هەر ئەو جۆرە دەبوو کە خۆیان چاوەڕوانیان دەکرد. هەر لەم دواییانەش دا بەر لە هەڵنژاردنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ترسێنەری گەورەی دنیا، "ئۆسامە بن لادن" لە کاتێکی زۆر گونجاو دا خۆی نیشان دا و بەڵێنی دا کە تەنانەت منداڵە بچووکەکانیش بە کاڵی قووت بدا، بوو بە هۆی هەڵبژێردرانی " جۆرج واڵکێر بووش" بە سەرۆکایەتی دنیا.

لە ساڵی 1564 دا شەیتانناسی بە ناوبانگ، "یۆهان وایێر"، هەموو شەیتانانەکانی دژی مەسیحی بژاردبوو و ژمارەیان خۆی لە حەوت ملیۆن و چوارسەد و نۆ هەزارو سەد و بیست و حەوت شەیتان دەدا و لە هەفتا ناوچەی جیاواز دا بڵاوببوونەوە و بە شەو و ڕۆژ خەریکی پیلانگێڕی دژی دینی خودا بوون. بڵێی ئەورۆ ئەم ژمارەیە چەند ئەوەندە زیادی کردبێت؟ هونەری خۆحەشاردان لە سەردەمی ئێمە دا، ژماردنی شەیتانەکانی دژوار کردووە. شەیتانە موسوڵمانەکانی ئەمڕۆ شاخەکانیان لە ژێر پێچ و کڵاو دا دەشارنەوە؛ کلکی وەک ئەژدیها و باڵی وەک شەمشەکوێرە و بۆمبەکانی ژێر باخەڵیان لە ژێر عەبایەکی ڕەشی درێژ دا حەشار دەدەن.

## شەیتان ژنە

کتێبی مالێئوس مێیل فیکاروم باسی وەدەرنانی بێبەزەییانەی ڕوحی قرێژ لە جەستەی شەیتانە مەمک و پرچ درێژەکان دەکا. "هێنریش کراما" و "یاکوب شپرێنگێر" دوو بیردۆزی ئاڵمانی، ئەو کتێبەیان بۆ پووچەڵکردنەوەی هێرشەکانی شەیتانی دژ بە خاچپەرەستی نووسیبوو. ئەو کتێبە بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1486 دا بڵاو بۆوە و تا کۆتایی سەدەی 18 وەکوو سەرەکیترین بناغەی یاسای دادوەری و خواناسی لە دادگاکانی بیردۆزی، لە وڵاتانی جیاواز کەڵکی لێوەردەگیرا. نووسەرانی ئەو کتێبە پێیان وابوو کە ژنان داردەستی شەیتانن یان لە ڕاستی دا ژن شەیتانی ڕاستەقینەیە، دەیانگوت: "هەموو جادوویەک لە ویست و هەوەسی دەروونیەوە سەرچاوە دەگرێ کە لە لای ژن تێربوونی بۆ نیە". پێیان وابوو: "ژن گیانلەبەرێکی قیزەون و ماڵوێرانکەرە و بە ڕواڵەتێکی فێڵبازانە" بۆ لە ناوبردنی پیاوان، هەر وەک چۆن مار و دووپشک کاتی جووتگرتن کلکیان قیت دەکەنەوە، پیاوان بۆ لای خۆیان دەکێشن و داگیریان دەکەن. ئەو دوو نووسەرە خەڵکیان وریا دەکردەوە کە: "ژن تاڵترە لە مەرگ، بوونی پڕە لە فێڵ و پیلان، دڵی تەڵەیە و باسکەکانی وەکوو دوو زنجیری ئەستوورن". ئەو نامیلکە تاواناسیە بوو هۆی ئەوەی کە بە هەزاران ژن لە نێو بڵێسەکانی ئاگر دا بسووتێندرێن. ئەو نامیلکەیە بووە هۆی ئەشکەنجە کردنی هەموو ئەو ژنانەی کە بە جادووگەری تاوانبار دەکران. ژنە تاوانبارەکان، چ دانیان بە تاوانیان داهێنابا و چ دانیان پێدانەهێنابا، لە نێو ئاگردا دەسووتێندران.
بە پێی ئەمری " پاپ هۆنۆریۆسی سێیەم"، پاپی ڕوحانی تایبەت بە پیاوان: "ژنان مافی قسەکردنیان نیە، چون ئێستاش جێی شوێنی داغی حەوا- کە پیاوانی بە لاڕێدا برد - لە سەر لێوەکانیان ماوەتەوە". ئەم فەرمایشەی پاپ بووە هۆی ئەوەی کە تا هەشت سەدە دواتریش، کلیسای کاتۆلیک مافی پێش نوێژی لە کچان زەوت بکات. موسوڵمانە خەست و خۆڵەکانیش هەر بەم دەردە تووشن و ناوگەڵی ژن لێیان بۆتە گرێ پووچکە و ڕۆخسار و بەژن و باڵای ژن دادەپۆشن. پیاوانی جوولەکەش بە پێی ئایینەکەیان ڕۆژەکەیان ئاوا دەست پێدەکەن و دەڵێن: "سوپاس بۆ خوا کە من ژن نیم".

## شەیتان هۆمۆسێکشۆوڵە

لە پۆرتۆگال لەساڵی 1446 وە، جێی هۆمۆسێکشۆوڵەکان نێو ئاور بوو. لە سپانیا لە ساڵی 1497 بە زیندوویی لە نێو ئاور دا دەیانسووتاندن. بڵێسەی ئاور چارەنووسی ئەو جەماعەتە شەیتانیە بوو کە لە بڵێسەی ئاوری دۆزەخەوە سەرچاوەیان گرتبوو. هەر لەو سەردەمە دا لە ئەمریکا، سپانیۆلیەکان پێیان باشتر بوو کە هۆمۆسێکشۆوڵەکان دەرخواردی سەگی دڕ بدەن. "واسکۆ نۆونێز دێباڵبوا" کە خەڵکێکی زۆری بەم چارەنووسە برد، باوەڕی وابوو کە هۆمۆسێکشواڵیتی وەکوو پەتا وایە. دوای تێپەڕبوونی پێنج سەدە ئەم قسەیەم دیسان لە زاری ئۆسقۆفی گەورەی "مۆنتێ ویدیئۆ" بیستەوە.

کاتێ کە یەکەمین گەڕیدەکانی سپانیایی ڕوویان لەم وڵاتە کرد، تەنیا خەڵکانی " ئازتەک" و "ئینکا" بوون کە سزای مەرگیان بۆ هۆمۆسێکشۆوڵەکان دیاری کردبوو. خەڵکانی دیکەی قاڕڕەی ئامریکا وەک دیاردەیەکی ئاسایی سەیری هۆمۆسێکشۆواڵێتیان دەکرد و هێندێکیان نە تەنیا قەدەغەیان نەدەکرد، بەڵکو جێژنی تایبەتیان بۆ دەگرت. ئەم بێشەرمیەی ئەوان دەبووە هۆی تووڕەیی خوای سپانیۆلیەکان. ئەوان پێیان وابوو، نەخۆشیەکانی مێکوتە، سوورێژە و گوێڕەپە و بە گشتی هەموو نەخۆشیە نەناسراوەکانی تر کە سوورپێستەکان تووشی دەبوون، لە ئوروپاوە نەدەهات، بەڵکو سزای خوا بوو بە هۆی بێشەرمی سوورپێستەکان دژ بە یاساکانی سروشت.

لە هیچ کوێ نە لە ئامریکا و نە لە ئوروپا و نە لە هیچ شوێنێکی تر ئەژماری ئەو هۆمۆسێکشۆوڵانەی کە ئەشکەنجە کراون یان کوشتراون، تۆمار نەکراوە. نە لە ڕابردووە بەڵگەیەکی تۆمارکراو لە ڕێژەی کوژراوەکان هەیە و نە لەم سەدەیەی ئێستا. نازیەکانی ئاڵمان "ئەم جەماعەتەیان بە تاوانی بێڕێزی کردن بە یاسا سروشتیەکان"، مەجبوور کردبوو ئارمێکی پەمەیی سێگۆشە بە جلەکانیانەوە بدوورن. ئەوەی کە چەند کەسیان بۆ کەمپەکانی مەرگ ناردراون، هیچ دیار نیە؟ نە قەت ناویان هاتووە و نە قەتیش مردووەکانیان ئەژمێردراون. ئەوە لە ڕوانگەی دەوڵەتی ئاڵمان و بانکەکانی سویس تەنیا "هەڵەیەک!" بوو و زیاتر لە نیو سەدە دواتر لە 18 سێپتەمبەری 2001 بڕیاریان دا کە "پێداچوونەوەیەکیان هەبێ بە سەر ئەو یاسا "هەڵەیەی" لە کەمپەکانی مەرگ تەنیا بۆ هۆمۆسێکشووڵەکان بەڕێوە دەچوو". ڕاستکردنەوەی ئەم "هەڵەیە" زیاتر لە نیو سەدەی خایاند. بڕیارەکە ئەوە بوو کە ئەو هۆمۆسێکشۆوڵانەی لە کەمپەکانی "ئاوسشویتز" بە زیندوویی ڕزگاریان بووە، یان ئەگەر ئەندامێک لە بنەماڵەکەیان زیندووە، مافی قەرەبوویان بدرێتێ.

## شەیتان سوورپێستە

گەڕیدەکانی سپانیایی بۆیان دەرکەوت کە کاتێک شەیتان لە ئوروپا وەدەرنرا لە ئەمریکا گیرسایەوە. لە دوورگە و قەراخ ئاوەکانی دەریای کارائیب، گیانلەبەرانێکی ڕووتی دوور لە شارستانیەت دەژیان و وێدەچوو کە لە بەرەی شەیتان بن. ئەوان کڕنۆشیان بۆ خۆر و عەرز و کێو و چۆمەکان و زۆر شتی تر دەبرد و پلەی خودایەتیان پێدابوون. هاوسەرین بوون بۆ ئەوان وەک "کایە"یەک بوو کە لە هەر کات و ساتێک و بە بێ هیچ لەمپەرێک دەکردرا. ئەو خەڵکانە هیچ ئاگایان لە "دە فەرمان"، "حەوت ئایینی جیاوازی خاچپەرەستی" و "حەوت تاوانی گەورە" نەبوو. نە مانای وشەی تاوانیان دەزانی و نە

ترسێکیشیان لە دۆزەخ هەبوو. خەڵکانێکی نەخوێندەوار بوون و هیچ شتێکیان لە مافی داگیرکردن و شتی وا نەدەزانی. بەشێکیان دابی یەکترخواردنیان هەبوو، ئەویش بە کاڵی.

بۆ ئوروپاییەکان، داگیرکردنی قاڕەی ئەمریکا "جندۆکە گرتنێکی" زۆر دژوار بوو و ماوەیەکی درێژی خایاند. شەیتان وا لە ناخی ئەم وڵاتە ڕۆچووبوو کە کاتێ سوورپێستەکان بە ڕواڵەت کڕنۆشیان بۆ مریەم دەبرد، لە ڕاستی دا ڕێزیان لە ماری ژێر پێیان دەگرت، یان لە کاتی ماچکردنی خاچی خاچپەرەستەکان بە هیچ جۆرێک کوڕی خوایان نەدەدی و زیاتر بیریان لە لای گەورەیی عەرز و باران بوو. گەڕیدەکانی سپانیایی، ئەرکی خۆیان لە ساندنەوی زیڕ و زێو و خەزێنە سروشتیەکانی خوا کە شەیتان داگیری کردبوو، بە ئەنجام گەیاند. وەرگرتنەوەی ئەم خەزێنانە زۆر ئاسان نەبوو، بەڵام خوا یارمەتیدەر بوو.

## شەیتان ڕەش پێستە

وەکوو تاوان و تاریکایی، مرۆڤی ڕەش پێست دژی ڕووناکایی و بێتاوانیە. مارکۆپۆلۆ لە سەفەرنامە بە ناوبانگەکەی دا بەم جۆرە باسی خەڵکانی نیشتەجێی "زەنگبار" دەکا و دەڵێ: "زاریان زۆر زل، لێویان پان و لووتیان وەک لووتی مەیموون دەچوو. هەمیشە ڕووت بوون. ڕەنگی پێستیان زۆر ڕەش بوو، بە جۆرێک کە ڕەنگە لە شوێنێکی دیکەی دنیا بە شەیتان ناوزەد کرابان". سێ سەدە پاش ئەم قسەیەی مارکۆپۆلۆ، لە شانۆکان و جێژنەکانی سپانیا، شەیتان بە جەستەیەکی ڕەشەوە بە سواری داشقەیەکی ئاگراوی نیشان دەدرا. "سانت تێرێز دێ بێزوس" کە هەموو ژیانی دژی شەیتان شەڕی کردبوو، قەت نەیتوانی لە چنگی ڕزگار بێ. ڕۆژێکیان شەیتان دەبینێ کە ڕواڵەتێکی ڕەش و ناحەز و ترسێنەری دەبێ. جارێکی تریش شەیتانێکی ڕەشی ئاگراوی دەبینێ کە کتێبی "پیرۆز" دەسووتێنێ. ئەوەش لە قسەکانی "سانت تێرێز دێ بێزوس" بوو.

پێوەندی نێوان ئەفریقا و ئوروپا بە درێژایی سەدەکانی 16، 17 و 18 بەم جۆرە بووە: ئەفریقا دیلی بە ئوروپا فرۆشتووە و چەک و تەقەمەنی کڕیوە، یانی نرخی "مرۆڤ"، "تووند و تیژی" بووە. شەیتان ئاژاوەی خستبووە ناو ئەفریقا و ئەو چەک و چۆڵە بۆ نەهێشتنی ئەو ئاژاوەیە بوو و دیلی و یەخسیریش یەکەم هەنگاوەکان بوون بۆ ڕزگار بوون لە داوی شەیتان. ڕەش پێستەکان بەر لەوەی بە ئاسنی سوورەوەبووی سپیەکان سینگ و ڕوومەتیان داغ بکرێ، بە ئاوی پیرۆزی خاچپەرەستەکان وسڵیان پێدەکرا و بەم جۆرە روحی ئینسانی دەچووە ناو جەستەیان و شەیتانی لێ دوور دەکرایەوە. بە درێژایی سەدەکانی 19 و 20، ئەفریقا زێڕ، ئاڵماس، مس، مەڕمەڕ، کائۆچۆ و قاوەی لە گەڵ ئینجیلی خاچپەرەستەکان گۆڕیوەتەوە؛ یانی نرخی "بەرهەمی سروشتی"، "کتێبی ئینجیل" بووە. ئوروپایی‌یەکان لە سەر ئەو باوەڕە بوون خوێندنەوەی ئینجیلی پیرۆز ڕێخۆشکەری بەهەشتە بۆ ئەفریقاییەکان، بەڵام لە بیریان چوو فێری خوێندنەوەیان بکەن!.

## شەیتان بیانیە

"تاوان پێو ؟" پێمان دەڵێ کە کۆچەرەکان کارەکان لە ئێمە دەدزن و زەنگی مەترسیمان بۆ لێدەدات. کۆچەری گەنج هەر لە سەرەتاوە بە هۆی هەژاری و ڕەنگی پێستی ئاژاوەچی و تاوانبارە. خۆ ئەگەر هەژار و گەنجیش نەبێ و هاوڕەنگی ئەوانی تریش بێ، دیسان بوونی دڵخواز نیە، چون بە نیوەی حەقدەست، دوو هێندەی خەڵکی ئەو وڵاتە کار دەکا. لە بارودۆخێک دا کە ترس دەسەڵاتدارە و کار

کەمە و حەقدەستی کرێکار هاتۆتە خوارێ و ئاسایش نیە و دەبێ تاوانباری پێکهێنەری ئەم بارودۆخە دیاری بکرێ ، قامک بۆ لای کابرای کۆچەر درێژ دەکرێت، کۆچەرێک کە بۆتە داوەڵی ئەم بارودۆخە.

لە زەمانی زوو دا، ئوروپا شەڕکەر و دیل و پیاوخراپ و جوتیارە برسیەکانی بە هەموو دنیا دا بڵاو دەکردەوە و وڵاتانی تریان داگیر دەکرد. ئوروپاییەکان خۆیان کردبووە ڕێبواری ڕێگای خوا و ڕەمزی پەرەساندنی شارستانییەت و ڕزگاربوون لە دواکەوتوویی، بەڵام ئێستا لە سەردەمی ئێمە دا کۆچکردن بە پێچەوانەی جارانە. کۆچەری ئەم سەردەمە لە باشوورەوە دەچن بۆ باکوور. کۆچەری ئەوڕۆیی نە خەنجەریان پێیە و نە چەکیان لە سەر شانە. زۆربەیان لە وڵاتانی تاڵانکراوی دەستی داگیرکەرانی ئوروپاییەوە دێن و تەنیا ئامانجیان بینینەوەی کارێکە بە پارەیەکی کەم، بەڵام دەسەڵاتدارانی تاڵانکەر ئەو کۆچەرانە بە پەیامهێنەرانی شەیتان ناوزەد دەکەن و کۆچەکەیان بە هێرشی دواکەوتوویی بۆ سەر شارستانییەت لە قەڵەم دەدەن.

**شەیتان هەژارە**

هەژارەکان بە شوێنتانەوەن! کاتێ نان دەخۆن، ئەوان تامی دەکەن. کاتێ دەخەون، ئەوان بۆسەیان ناوەتەوە. لە ناخی هەر هەژارێکدا، تاوانبارێک یان تێرۆریستێک شاردراوەتەوە. ژمارەیەکی زۆر تاڵانکەر، ماڵ و سامانی تاقمێکی کەمیان خستۆتە مەترسیەوە. دەزانین کە خەڵکی دنیا بوون بە دوو بەش، بەشێک کە لە برسان خەویان بزڕکاوە و بەشێکیش لە بەر تێری. شارەکانی ئەڕۆ بەندیخانەی دیلەکانی ترسن. ماڵەکان بوونەتە قەڵای شەڕ و جلی ئاساییش، جلی شەڕ.

**هەلومەرجی نائاسایی:** لە خۆتان وریا بن، ئامادەی بەرگریکردن لە خۆتان بن، بڕوا بە کەس مەکەن. چاوەڕێی دەستدرێژی، ڕفاندن یان بارمتە گرتن بن، درەنگ و زووی هەیە، بەڵام لە چنگی هەژارەکان رزگارتان نابێ. لە گەڕەکە پڕمەترسیەکانی شار، ئەو هەژارانەی بەرپرسی چارەڕەشیەکانی داهاتووی ژیانتانن، خۆیان لە تاریکی دا حەشار داوە و ڕق و قین بە ناخیاندا ڕۆچووە. ئەو پێخواس و بێماڵ و حاڵانە، ئەو سەرخۆش و مۆعتادانە هەژارە بێداهاتووەکانی داهاتوون. کەس دڵخۆشیان ناداتێ و کەسیش پێیان دڵخۆش نابێ.

بەڵام لە ڕاستیدا ئەم هێلکەدزانە لاسایی ئاغاکانی دنیا دەکەنەوە، ئەو ئاغایانەی ڕاز و نهێنی بەختەوەربوون فێری خەڵک دەکەن. کەس لەم هەژارانە ناگات، کەس نازانێ هەژاری چیە. هاووڵاتی باش بوون یانی ڕەچاوکردنی ڕێ و شوێنی دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگا، ئەوانەی کەش و هەوا دەرماندا و دەکەن، حەقدەستەکان دێننە خوارێ، کارەکان کەمدەکەنەوە و وڵاتانی تر داگیر دەکەن و شەڕ و ئاژاوە دەنێنەوە. هەژارە ترسهێنەرەکانیش لەوانەوە شت فێر دەبن و لە هەوڵی ئەوە دان ببنە هاووڵاتیەکی باش.

نووسەر: Eduardo Galeano

وەرگێڕ: بەیان فەرشی

- Johann Wier
- Chaucer – the known English Poet
- Malleus Maleficarum
- Heinrish Kramer
- Jakob Sprenger
- Montevideo
- Cerro Rico de Potosi
- Saint Therese de Jesus
- Culpometre